تێڕامانەکان لەبارەی درۆوە

ئەلێکساندر کۆیرێ
وەرگێڕانی: جواد خەلیل

٦ی حوزەیران ٢٠٢٢ وتار

هەرگیز لەوەوپێش بەو ڕادەیەی ئێستا لە درۆدا ڕۆ نەچووین و هێندە ڕووقاییمانە درۆمان نەکردووە، قەتیش پێشتر لە دۆخێکی وەکوو ئەوەی لەمڕۆدا هەین، نەبووین. هەن دەڵێن ڕێک بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی ئێمەوە، درۆکان بە ئەندازەی کۆنینی جیهان کۆنن؛ یانژی ئێژن مرۆڤ بە سروشتی خۆی، لە گشت دۆخێکدا هەر درۆزنە. مێژوو هەر لە دەستپێکیەوە فێری ئەوەمان دەکات کە لەگەڵ دروستبوونی شاردا،

درۆی سیاسیش سەری هەڵداوە. بەبێ گەڕانەوە بۆ سەردەمە نیتک و ناڕوونەکانیش، خۆ دەزانین کە ئەوە هەردوو پرۆسەی تژیکردن و تەواوکردنی (بنەماکانی درۆسازی لە جەنگی جیهانیی یەکەم) و (درۆکانی هەڵبژاردن لە قۆناغی دوای جەنگ)دا بوون، کە لە درۆسازیدا گەیشتن بە بەرزترین ئاستی خۆیان و ژمارەیەکی پێوانەییی وەهایان تۆمار کرد کە لە هیچ سەردەمێکی تردا بەو ئاستە تۆمار نەکرابێت. ئەوەی کە هیچ چەندوچوونێک هەڵناگرێت، ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکە بە قسەکردنی دەناسرێتەوە، هەر ئەم خەسڵەتەشە ئەگەری درۆکردنی داوەتێ. دەتوانین بڵێین مرۆڤ هێندەی خودان تایبەتمەندیی درۆکردنە، نیوهێندە خودان تایبەتمەندیی پێکەنین نییە.

گومان لەوەدا نییە درۆی سیاسی، هەروەها ڕێسا و ڕێکارەکانیشی کە لە ڕابردوودا پێمان دەگوتن "دیماگۆجیا" و لە ئێستادا پێیان دەڵێین "پروپاگەندە"، هەمیشە و بە درێژاییی هەزاران ساڵ هەوڵی ڕێکخستنیان دراوە و پەرەیان پێداون[1]. هەروەتر کاریگەریی ئەو ڕێکار و ڕێسایانەش؛ کاریگەریی پروپاگەندەکانی ئیمپراتۆریەتە لەبیرکراو و لەناوچووەکانیش؛ هێشتاکانێ لە بەرزاییی دیوارەکانی "کرنک" و چیاکانی "ئەنقەرە"وە، ڕووبەڕوومان دەبێتەوە و لەگەڵمان دەئاخڤێت. ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە مرۆڤ ناتوانێت درۆ نەکات، ئەو درۆ لەگەڵ خۆیدا

[1] لە دیالۆگەکانی ئەفلاتۆن و کتێبی وتاربێژیی ئەرستۆدا، ڕاڤەکردنێکی ناوازە دەبینین بۆ بنەما دەروونییەکانی کردەی بانگەشەکردن، پاشانیش شیکارییەکی پوخت بۆ شێوازەکانیشی دەخوێنینەوە.

دەکات؛ درۆ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دەکات؛ جاروبـاریش بۆ خۆشـــی و چێژی خۆی درۆ دەکات و دەخوازێ لەو ڕێیەوە شتەکانی نێو کەتوارێکی نـابەدڵ بەراژوو بکـاتەوە و جیهـانێکی دیکە بئـافرێنێت. بڕێک جـاریش مرۆڤ بۆ پارێزگاریکردن و بەرگریکردن لە خۆی درۆ دەکات، چونکێ درۆ باشـترین چەکی دەسـتی لانەواز و بێدەسـەلات و بێدەرەتانەکانە[2] و لە ڕێیەوە بوونی خۆیان دەســـەلمێنن لە هەمبەر ڕکابەر و ناحەزانیاندا، وایش بیر دەکەنەوە وەختێک بە درۆکانیان ناحەزانیان تەفرە دەدەن، ئەوا تۆڵەیان لێ دەکەنەوە.[3]

ئێمە لێرەدا مەبەسـتمان نییە شـرۆڤەیەکی دیاردەناسـییانە بۆ درۆ بکەین، هەروەک چۆن ناشـمانەوێت لەو پێگە و کاریگەرییە بکۆڵینەوە کە درۆ لە چێبوونی بونیادی مرۆییدا هەیەتی؛ بەڵکوو دەمانەوێت لە ســـروشـــتی درۆکـــانی ئەم ســـەردەمە نوێیەمـــان ڕابمێنین، بە تـــایبەتیش درۆ سیاسییەکان. لەگەڵ ئەوەی بکەرانی ئەم سەردەمەی ئێستێ (یان وردتر بڵێین سیستەمە تۆتالیتارەکانی ئەم سەردەمە نوێیە) نوێکارییان لە درۆدا کردووە، لێ گومـان لەوەدا نییە کە ئەم نوێکـارییە گشـــتگیر نەبووە، چونکێ کارەکانی ســـیســـتەمە تۆتالیتار(شـــمولی)یەکان لەوەدا کورت بووەتەوە کە پاڵ بە هەندێک ئاڕاستە و بۆچوون و هەڵوێست و ڕێکاری پێشـــووتری ســـیســـتەمەکەوە بنێت، بۆ دوایین ســـنووری خۆی. لەگەڵ

---

[2] لاواز بە شـــێوەیەکی بەهێز دەردەکەوێت، کاتێک دوژمنەکەی یان ســـەرگەورەکەی فریو دەدات.

[3] هەروەها لە فریودانیشـــدا زەلیل بوون هەیە، هەر ئەمەش شـــیکەرەوەی درۆگەلێکە کە ژنان و کۆیلەکان دەیکەن.

ئەوەشدا هیچ شتێکی نێو ئەم جیهانە بە تەواوی نوێ نییە، هەموو شتێک ڕەگ و ڕیشـەیەکی خۆی هەیە و لەگەڵ خۆیدا تۆوی مانەوەی خۆیشـی هەڵگرتووە، بۆیە هەموو دیـاردەیەک، هەموو بیرۆکەیەک، هەموو ئاڕاسـتەیەک کە پاڵی دەنێین بۆ دوایین سـنووری خۆی، دەگۆڕدرێت و دەبێتە شـتێکی دیکەی تەواو جیاواز. لەبەر هەندێ جارێکی دی جەخت دەکەمەوە لەسـەر ئەوەی کە گوتم: هیچ وەختێک بەو ڕادەیەی کە لە ئێستادا هەیە لە درۆدا ڕۆ نەچووین، هەرگیزیش پێشتر بەو شێوە فراوان و سـەرتاسـەرییە درۆمان نەکردووە، کە لەمڕۆدا دەیکەین. هەرگیز بەری هینگێ، بەم ئاوایەی ئێستێ، درۆزن و درۆزان نەبووین.

ڕۆژ بە ڕۆژ سـێڵاوی درۆ جیهانەکەمان دادەپۆشـێت، لە هەموو ئان و سـاتێکدا ئێمە درۆ دەکەین، لە قسـەکردندا، لە نووسـیندا، لە ڕۆژنامە و ئێزگەکاندا... هتد، هەموو پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و پیشەسازییەکانیشمان خسـتووەتە خزمەتی درۆکردنەوە. مرۆڤی ئەم سـەردەمە نوێیە (لێرەدا هەروەها مەبەسـتم لە مرۆڤی تۆتالیتارە) لە ناو درۆدا مەلە دەکات، هەناسـەی پێ دەدات و لە هەموو چرکەسـاتێکی ژیانیدا درۆ ئاڕاسـتەی دەکـات.[4] بەڵام لە ڕووی چۆنێتییەوە درۆی نوێ (مەبەسـتم لە تایبەتمەندییە هزرییەکەیەتی) بە ئاڕاسـتەیەکی پێچەوانەدا گەشـەی کردووە و ڕێگەکەی خۆی گۆڕیوە (دواتر ئەمە زیاتر ڕوون دەکەمەوە).

---

[4] سـیسـتەمی تۆتالیتارت هەر لە بنەڕەتەوە بەسـتراوەتە درۆوە، ئێمە لە فەرەنسـا هەرگیز پێشـتر لەگەڵ درۆدا بەو جۆرە بەریەک نەکەوتبووین، تاوەکوو ئەو ڕۆژەی ڕێگامان گرتەبەر بەرەو سـیسـتەمێکی تۆتالیتاری، ئەوێ ڕۆژێ کە مارشـاڵ بیتان ڕایگەیاند: "من ڕقم لە درۆیە"

درۆی نوێ بە زۆری و بەربڵاوییەکەی دەناسرێتەوە، تاوەکوو زۆرترین کەس بکاتە ئامانج (هەر ئەمەش خەسڵەتە جوداکەیەتی لە تەک درۆکانی پێشوودا).

هەرچەندە هیچ ڕێیەکی دی نییە لە بەردەم بەرهەمێکی مەزندا، کە ڕووەو جەماوەر ئاڕاستە بکرێت (بە تایبەتیش بەرهەمێن هزری)، تاکوو بەدەر لە درۆکردن و تەنێ بەو پێوەرانەی خۆی، بتوانێت لە جەماوەر نزیک ببێتەوە. لەبەر هەندێ هیچ شتێکیش نییە بکارێت هاوتای تەکنەلۆژیای پروپاگەندەیی نوێ بەرز و کاریگەر بێت، بۆیە هیچ شتێکیش ناگاتە هاوشانی نێوەڕۆکی پووچ و بانگەشە ساختەکانی ئەو تەکنەلۆژیایە، کە بێشەرمانە و بە شێوەیەکی ڕەها و تەواوەتی، ڕۆژانە خەریکی سووکایەتیکردنە بە هەقیقەت، تەنانەت بەو شتانەش کە بتەنێ لە ئاستی گریمانەییدان و هێشتا نەبوون بە هەقیقەت. ئەم جۆرە لە سووکایەتی پێکردن جگە لە خۆی هیچ هاوشێوەیەکی دیکەی نییە و تەنیا لە خۆی دەچێت، ئامانجیشی گاڵتەکردنە بە زیرەکی و هۆشمەندیی ئەوانەی بانگەشە ساختە و درۆینەکانیان ئاڕاستە دەکات، واتا لە بنەڕەتەوە هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر دەبێتە ئامانجی سەرەکیی ئەم تەکنەلۆژیایە.

بە دڵنیاییەوە ئەوە مانا ڕاستەکانن کە هیچ ئەرزشێک بۆ مانا درۆینەکان ناهێڵنەوە و ڕایاندەماڵن، ئەمەش بەو پێیەی کە خودی ڕاستی خۆی بەروڤاژی درۆیە و لە تەک خۆیدا بوونی درۆیش ڕادەماڵێت، هەروەک چۆن مانایەکی دروست مانایەکی هەڵە دەپێچێتەوە. هەرچەندە فەلسەفە و تێڕوانینە فەرمییەکانی سیستەمە تۆتالیتارییەکان لەوەدا کۆک و تەبان کە چەمکی "هەقیقەتی بابەتیانە" ئەوەی کە هەمووان لەسەری کۆک و تەبان، هیچ مانایەکی ئەوتۆی نییە! هەروەها لە دیاریکردنی پێوەرەکانی

هەقیقەتیشـــدا بڕوایان وایە نابێت پشـــت بەوە ببەســـتین کە داخۆ ئەو قســـانەی دەیانکەین تا چەندە تەبا و گونجاون لەگەڵ بەها گشـــتییەکانی هەقیقەتدا، بەڵکو دەبێت وەها ســـەیری هەقیقەت و پێوەرەکانی بکەین کە داخوا تـا چەنـد لەگەڵ ڕۆحی ڕەگەز و نەتەوە و چینەکـانـدا دێتەوە و چەندەش سوود بە ڕەگەز و نەتەوە و کۆمەڵگەکەمان دەگەیەنێت.

با ڕوانگەی ئەو تیۆریایانەی هەقیقەت کە خودان ئاڕاســـتەی بایۆلۆژی و پراگمـاتیکی و ئیجرائیـانەن، قیچەک فراوانتر بکەین و پـاشـــی هەڵیـان بوەشـــێنینەوە و کۆتاییهاتنیان ڕابگەیەنین، لەمەشـــدا پشـــت دەبەســـتین بەوەی کە ناو دەبرێت بە "ناپاکیی ڕۆشـــنبیران". دەزانین کە فەلســـەفە و ڕوانینی فەرمی ســـیســـتەمە تۆتالیتارەکان بەهای خۆییانەی هزر ڕەت دەکەنەوە، چونکێ لدەڤ وان هزر ڕۆشـــنایی نییە، بەڵکوو چەکێکە. هەر بە گوێرەی بـاوەڕی وان، کـار و ئـامـانجی ئەم چەکە ئەوە نییە کە داکەوتمـان بۆ ڕوون بکاتەوە؛ یانژی نهێنی و کۆدە شـــاراوەکانی ئەو شـتانەی کە هەن بکاتەوە و ئاشـکرایان بکات؛ بەڵکوو کار و ئامانجی ئەم چەکە ئەوەیە یـارمەتیمـان بـدات بۆ گۆڕینی داکەوت و گەیـانـدنمـان بەو شتانەی کە لە ئێستادا نین و دەبووا هەبن. لە پێناوی ئەمەشدا (هەروەک چۆن لە زووشەوە ئەو باوەڕە باو بووە و لە برەودا بووە) زۆربەی جار ئەفســـانە دەســـتی بەســـەر بیرکردنەوەی جیهاندا گرتووە. گوتاری ئەفســـانەیی کە دنەی ئـارەزووەکـانی مرۆی داوە و بۆشـــاییە دەروونییەکانی بۆ پڕ کردووەتەوە، باڵادەســـتتر بووە لەو بەڵگانەی کە لەگەڵ ژیریدا دێنەوە و تەبـان لەگەڵ هۆشـــدا. زۆرجـار کە دەڕوانینە بڵاوکراوە و گوتار و بانگەشـــەی تۆتالیتاریســـتەکان (بەوانەشـیانەوە کە بانگەشـــەی زانســـتییانە بوون دەکەن)، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوانیش

لەم دیدگایانە بەدەر نین. بە دەگمەن دەبینین کە نوێنەرانی سیستەمە تۆتالیتارەکان هەقیقەتێکی بابەتییانە بخەنە ڕوو. ئەمانە بەو هێزە خوداییانەوە کە هەیانە، دەستکاری ڕاستییەکانی ئێستا دەکەن، بگرە زۆرجار دەستکاری ڕابردوویش دەکەن، بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان دایاندەڕێژنەوە.[5]

لەمەوە دەتوانین ئەوە هەڵێنجێنین، کە ئەوە سیستەمە تۆتالیتارەکانن دەکەونە ئەودیوی هەقیقەت و ئەودیوی درۆوە. ڕێک بە پێچەوانەی ڕوانین و فەلسەفەی تۆتالیتارەکانەوە، من لەو باوەڕەدام ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان هەقیقەت و باتڵدا؛ لەنێوان خەیاڵ و ڕاستیدا هەیە، هێشتا دەمێنێتەوە و کارا دەبێت لەنێو سیستەمە تۆتالیتارەکان و دام و دەزگاکانیاندا و ناتوانن بە تەواوی هەقیقەت ساختە بکەن. درۆیش، سەرباری هەوڵی بێوچانی تۆتالیتارەکان، هیچ گۆڕانکارییەکی وەهای بەسەردا نایەت، جگە لەو پێگەیەی کە داگیری دەکات و ئەو ڕۆڵەی کە پێی هەڵدەستێت. واتا گۆڕانکارییەکە تەنها لە شوێن و شێوازی ڕۆڵبینینیدایە، چونکە سیستەمە تۆتالیتارەکان لەسەر بنەمای (لە پێشینەیی بوونی درۆ) دامەزراون.

لە ڕاستیدا ئەوەی زیدەتر دەبێتە جێی سەرنج، پێگەی درۆیە لە ژیانی مرۆڤدا. لە کاتێکدا ئەوە شتێکی زۆر ڕوونە کە پایە ئاکارییەکانی سەرجەم ئایینەکان، یان لانی کەم یاسا و ڕێسای ئایینە گەورەکانی نێو

[5] بەپێی ئەم تێڕوانینە، گرنگە لەمڕۆدا لە وانە مێژووییەکانی سیستەمە تۆتالیتارەکان و واتا جیاوازەکانی بکۆڵینەوە. کتێبە مێژووییە نوێیەکانی قوتابخانە، دەلاقەیەکی فراوانتر دەکەنەوە بۆ بیرکردنەوە بە ڕووی قوتابیانی قوتابخانە فەرەنسییەکاندا.

ئەم گەردوونە، بەتـــایبەتی ئەوانەیـــان کە کـــاریگەر و وەرگیراون لە یەکتاپەرســـتیی تەوراتییەوە، بە شـــێوەیەکی ڕەها و توند درۆکردن ڕەت دەکەنەوە و بە کارێکی قێزەونی دادەنێن. جگە لەوەش، لەبەر ئەوەی کە خودای نێو ئەو ئایینانە، خودای ڕۆشـــــنایی و بوونە، هەر لەســــــەر ئەم بنەمـایەش دەبێت بە خودای هەقیقەتیش. کەواتە ئەگەر ئێمەی بڕوادار درۆ بکەین، واتا شـــــتێکمان گوتووە پێچەوانەی ئەوەی کە لە داکەوتدا هەیە، ئەمەش ڕێک بەو مـانـایە دێت کە ئێمە خەریکی ســـــاختەکردنی هەقیقەتین و بوونێکی ڕاســـــتەقینەمان شـــــاردووەتەوە. بە پێی ڕوانینە ئایینییەکەش ئەمە نەک هەر گوناه و تاوانە؛ بەڵکوو گەورەترین تاوان و گوناهیشـــە، گوناهێکی گەورەیە و تاوانێکە دەرهەق بە ڕۆح، کە دوورمان دەخاتەوە لە خودا و دەمانکات بە ســـەرپێچیکار و گومڕا. هەر بەپێی ئەو ڕوانینە ئـایینییەش بێت، مرۆڤ نـابێت و نـاکرێت جگە لە گوتنی هەق شـــتێکی تر گۆ بکا و ئەو گوتراوەشـــی کە لەوەوە دێت هەر دەبێت هەق بێــت، بەجیـا لەمە نـابێــت هیچی تر بێتە ســـــەر زاری و بیڵێــت.

بە شێوەیەکی گشتی و بەدەر لە هەندێک ڕووکاریی توند کە هەریەکە لە تیۆریـاکـانی "کـانـت" و "ڤیختە"ی پێ دەنـاســـــرێتەوە، وا دیـاره ئـاکـاری فەلســـــەفییـانە بە بەراورد بـە جۆرەکانی دیکەی ئاکار، نەرمی نواندنی زۆرتر تیایە و لەوپەڕی مرۆدۆســـــتیدایە (ســـــەرباری ئەو توندیەی لە هەمبەر ڕووکارە هەواڵدەری و فریودەرانەکەی درۆ و پیشـــــاندانی درۆ وەک ڕاســـتیدا هەیەتی)، هێشـــتاش بە بەراورد بە ســـروشـــتە نەرێنی و خراپەکەی درۆ کە ڕەتکەرەوەی هەقیقەتە، کەمترین تونـدی دەنوێنێـت. فەلســـــەفە ئاگاداری ئەو پەندە باوەیە: "هەموو ئەو شـــــتەی دەزانرێت،

ناگوترێت"، لانی کەم هەموو کاتێک نا. خۆ ناشـــکرێت هەموو ئەوەی کە هەیە، بە هەموو خەڵکی بگوترێت!

ئاکاری فەلســـەفییانە زۆر زیاتر لە ئاکارگەلی بنەچە ئایینی، جێی خۆی دەگرێت و وەردەگیردرێت، لە ڕاســتیشــدا درۆکان بە گوتن ئازار چێژن و هەموو گوتنێکیش[6] ئاڕاستەی کەسێک دەکرێت.[7] مرۆڤ لە خۆوە درۆ ناکات، بەڵکوو درۆ دەکات چونکە نایەوێت هەقیقەت بەوانی دی بڵێت. ئەگەریش هەر بەڕاست هەقیقەت خۆراکی ڕۆح بێت، ئەوا تایبەتە بەوانەی کە ســینگفراوانن و توانای بیســتنی هەقیقەتیان هەیە،[8] چونکێ هەقیقەت دەتوانێت ببێتە مەترســی بۆ ســەر ئەوانی دی، لانی کەم کاتێک هەقیقەت زۆر ڕوون بێت و ئێمە بێین دەریببڕین، کە بۆی هەیە بەم کـارەمـان ئازاری بەرانبەرەکانمان بدەین و تەنانەت هەستەکانیشیان زامدار بکەین. کەوایە پێویســـتە بەو ڕوونییەوە هەقیقەتیان پێ نەڵێین و بە ڕێژەیەکی کەمتر لەوەی کە هەیە و بە بڕێک خاوییەوە دەریببڕین، ئاسانی بکەینەوە و ڕووپۆشی بکەین و بە شتی دیکە داپۆشین، بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەمان بتوانێت ئاسانتر وەریبگرێت. سەرباری ئەمەش، دەبێت ڕەچاوی شێوازی

[6] لێرەدا چەمکی گوتن یان قســەکردن واتاکانی گوزارشــتکردن و پێشــنیازکردن بە بەرفراوانێتی دەگرێتە خۆ، ئەوەش ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤ دەتوانێت درۆ بکـات بەبێ ئەوەی تەنانەت لێوەکانیشی بجووڵێنێت.

[7] ئـاکـاری ئـایینی گوتنی هەقیقەت و ڕاســـتی بەرانبەر بە خودا دەکاتە شـــتێکی ناچارەکی؛ لێ دەرهەق بە مرۆڤان نا. واتا درۆ لە هەمبەر خودادا قەدەغە دەکات نەک مرۆڤ.

[8] ئەم تێڕوانینە جاروبار لە لایەن ئاکاری ئایینییەوە پشـــتی پێ دەبەســـترێت، وەکی سانت پۆڵ ئێژێت: (شیر بۆ زارۆکان، مەی بۆ گەوران).

بەکارهێنان و دەرئەنجامەکانیشــی بکەین لای ئەوانەی کە هەقیقەتەکەیان پێ دەڵێین. هەر بۆیە بەگشـــتی هیچ پەیوەســـتبوونێکی ئاکارییانە نییە نــاچــارمــان بکــات هەقیقەت وەکوو خۆی بگەیەنینە هەمووان، هیچ کەســـێکیش مافی ئەوەی نییە ناچارمان بکات هەقیقەت بەو شـــێوەیە دەرببڕین کە هەیە.[9]

ڕێســاکانی ئاکاری کۆمەڵایەتی و ئاکاری کردەییانە کە لە گێڕانەوەکانمان و قســەکردنەکانماندا ئامادەن و بەڕاســتیش هەڵســوکەوتەکانمان ئاڕاســتە دەکەن، کــاریگەرییەکی لاوازتریــان هەیە لەو کــاریگەرییەی کە ئــاکــاری فەلســەفییانە هەیەتی. ئەم ڕێســایانەش بەشــێوەیەکی گشــتی ســەرکۆنەی درۆکردن دەکەن، هەموانیش لەوە بەئــاگــان نەنگییە گەر درۆ بکەین.[10] هەرچەندە سەرکۆنەکردنی درۆ سەرکۆنەکردنێکی ڕەها و تەواوەتی نییە، وەک چۆن یاســـاغ کردنیشـــی یاســـاغکردنێکی تەواوەتی نییە. چەندین حـاڵەت هەیە کە تێیـدا هـاوســـۆزی و لێخۆشـــبوون بەرانبەر درۆزن دەنوێنرێت و ڕێی پێ دەدرێت، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتیشـــدا ڕێنوێنی درۆزن دەکرێت و هـانی دەدرێت تـاکوو درۆکەی بکـات. هەروەهـا، هەر

---

[9] ئێمە نـاچـارین دەرهەق بەوانەی کە ڕێز لە نێوانمـانـدا هەیە و ڕێزیـان لێ دەگرین، ڕاسـتی بڵێین؛ هەروەها لە هەمبەر کەسـە نزیک و سـەرکردەکانیشـماندا .واتا ڕێک بە پێچەوانەی ئەمەوە، لە نەگوتنی هەقیقەت و ڕاســـتیدا، ڕێزنەگرتن و بەها بۆ دانەنان هەیە.

[10] "کەســـی خانەدان درۆ ناکات" ڕاســـتگۆییش فەزیلەتێکی ئەرســـتۆکراتییانەیە کە گرێدراوە بە چەمکی شــەرەفەوە. لێ ســەبارەت بە کۆیلە، درۆنەکردن فەزیلەت نییە، بەڵکوو پێویستە لە سەری و ناچارە کە درۆ نەکات.

لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەی ورد بەرەو ئەو ئاڕاستەیەمان دەبات، کە بۆمان ڕوون ببێتەوە درۆکردن بەگشـــتی ڕێ پێدراوە، بەو مەرجەی یەکڕیزیی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نەشێوێنێت و زیان بە هیچ کەس نەگەیەنێت.[11] هەتا ئەو ئاستەش درۆ ڕێپێدراوە کە نەبێتە هۆی تێکشکاندنی ئەو پەیمان و وابەســـتەیییەی زامنی یەکێتیی کۆمەڵگە و یەکـانگیرییەکەیەتی و نـاوەوەی کۆمەڵگەکە نەپێکێـت (یـان لەنێوان ئێمەدا نەبێـت)، بەڵکوو ئاڕاســـتەی دەرەوەی کۆمەڵەکەی ئێمە بکرێت. ئاخر "ئێمە" ئەوانە فریو نادەین کە ســـەر بە "ئێمە"ن، بەڵام "ئەوانی دیکە"....[12]، ئایا هەر بەڕاســـت ڕەوا نییە درۆکردن لەگەڵ "ئەوانی دیکە"؟

درۆ چەکە و مافی ئەوەمان هەیە لە ڕکابەری و ململانێکاندا ئەم چەکە بەکار بهێنین، بەکارنەهێنان و دەســـت نەبردن بۆ ئەم چەکەش واتای گەمژەییی ئێمە دەگەیەنێت، لێ بەو مەرجەی کە بتەنێ بۆ شـــکاندنی ڕکـابەرەکـان بێـت و بەکـارهێنـانی ئەم چەکە لە هەمبەر هـاوڕێ و هاوپەیمانەکانماندا قەدەغە بکەین. بە شـــێوەیەکی گشـــتی دەتوانین درۆ لەگەڵ دوژمنەکـانمـانـدا بکەین و فریویـان بـدەین. بیرمـان نەچێـت ئەو کۆمەڵگەیانە دەگمەنن کە هاوشـــێوەی ماورییەکان maoris جوامێری تێیاندا گەیشـتبێتە ئاسـتێک، فێڵکردن و فریودانی جەنگی، لە لایان قەدەغە

[11] لێکدژی و دووڕوویییەکانی شـێوازە جیاجیاکانی ڕێککەوتن، کە تایبەتن بە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بۆ ڕێکخستن و پەروەردەکردن و ...هتد، بە درۆ دانانرێن.

[12] مافی لایەنگر و شوێنکەوتەکانە کە هەقیقەت بناسنەوە و بیزانن، بەڵام ئەوانی دیکە ئەو مافەیان نییە.

کرابێت. لەمانیش دەگمەنتر، ڕێبازی وەهابی و گوێگرزەکانن، کە بەهۆی بڕوا ئایینییەکەیانەوە درۆکردن لایان بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە و نە درۆ لەگەڵ ئەوی دی ناسراودا دەکەن و نەیش لەگەڵ کەسانی بیانی و دوژمنەکانیشیاندا. بەدەر لەم کۆمەڵە مرۆییە دەگمەنانە و بەنزیکەیی لە تەواوی جیهاندا، درۆکردن و فریودان لە کاتی شەڕدا ڕێ پێدراوە.[13] بە گشتیش هەرچەندە کەس ڕێنوێنی ناکرێت بۆ درۆکردن لە کاتی پەیوەندییە دۆستانەیی و ئاشتیخوازییەکاندا (لەگەڵ ئەوەی کە دەزانین ئەوی دیکەی بیانی دوژمنێکی گریمانەییە)، کەچی ڕاستگۆیی چیدی بە خەسڵەتێکی تایبەت و ناوازەی دیپلۆماتکارەکان دانانرێت.

لە بازرگانیشدا تا ڕادەیەک ڕێگە بە درۆکردن دراوە، لەم چوارچێوەیەشدا ئاکاری پیشەیی سنوورێکی بەرتەسکی بۆ درۆکردن داناوە و دەبێت درۆکە لەو سنوورە دەرنەچێت.[14] لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت نەریتە بازرگانییە زۆر توندەکانیش، بەرانبەر ئەو درۆ ڕوون و ئاشکرایانەی کە لەکاتی بە بازارکرندا دەکرێن، نەرم و لێبوردەن. بۆیە درۆ هەر بەم شێوەیە ماوەتەوە و دەمێنێتەوە؛ هەم ڕێگەپێدرا و هەمیش پەسەندکراو! لەو بارودۆخانەشدا ڕێگە بە درۆکردن دەدرێت، کە وەک دۆخێکی تایبەت و جیاواز دەبینرێن (بۆ نموونە لە کاتی شەڕدا کە ڕەوایی بە بەکارهێنانی

[13] لەبارەی واتای فریودانەوە.(N.D.E)

[14] لە ڕابردوودا هەردوو گوزارەی بازرگان و درۆ هاوواتای یەکدی بوون، وەکی چۆن پەندە سلاڤییەکە دەبێژێت: (کێ فرتوفێڵ و درۆی کرد، فرۆشتی!) بەڵام لەمڕۆدا ئەمانەتپارێزی و ڕاستگۆییی بازرگان بە ئیشرێکی دادەنرێت.

درۆ دەدرێت). ئەی چ دەبێت ئەگەر شـــەڕ لە دۆخێکی کاتییەوە بوو بە دۆخێکی هەمیشــەیی و ســروشــتی؟ ڕوونە کە درۆکردن بە شــێوەیەکی کاتی و فراوان بۆی هەیە شێوەیەکی سروشتییانە وەربگرێت و ئاسایی ببێتەوە، ئیدی هەر کۆمەڵێکی مرۆیی بۆیان هەبێت لە کاتێکدا کە هەست بکەن دوژمنەکانیان لێیان ئاڵاون، سڵ نەکەنەوە لە بەکارهێنانی زۆرترین درۆ و فریودان لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا، کە هەر ئەمەشـــە دواجار ســـەردەکێشــێت بۆ دانانی بنەمایەکی کردارییانەی لەم جۆرە: (هەقیقەت لای ئێمەیە و هی شـــوێنکەوتەکانی ئێمەیە، درۆیش هی ئەوانی دی)، پاشـــانیش ئەم بنەمایە دەبێتە نەریتێک لە نەریتەکانی ئەو کۆمەڵەیە. با کەمێک دوورتر بڕۆین و ئەو دابڕانەی لەنێوان "ئێمە" و "ئەوانی دیکە"دا هەیە قووڵتر بکەینەوە؛ ئەو دوژمنـایەتییە واقیعییەی کە هەیە بیکەینە دوژمنایەتییەکی ڕاستەقینە، کە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان سـروشـتی شـــتەکانی لەســـەر ڕادەوەســـتێت[15] با دوژمنەکانمان زۆر بەتوندی هەڕەشـەش بن بۆ سـەر بوونی ئێمە، ئاخر ئەوە شـتێکی سـروشـتییە کە هەموو کۆمەڵەیەک، دەورە دراوە بە کۆمەڵێک نەیار و دوژمن و دەیەوێت تێکەڵیان ببێت و ڕێک بکەوێ لەگەڵیان و دوور بێت لە شـــەڕ و بەڵایان، کـاتێـک درک بەو کەلێن و دابڕانە قووڵە دەکـات کە لەگەڵ ئەوانی دیـدا لێکی دابڕیون، کەلێنێـک کە هیچ پەیوەنـدییەک و پێکگەیەنەرێـک، یـان

[15] ئەگەر ڕژێمە فاشیستەکە بوو بە ڕژێمێکی ڕەگەزپەرست، باشترین ڕێگەیەک بۆ پاڵنانی لێکدژی بەرەو دوائاستی خۆی، ئەوەیە کە بیکەینە شتێکی بایۆلۆژی، نەک بە ڕێگەی ڕێککەوت.

پێوەســــتبوونێکی کۆمەڵایەتی ناکارێت بیبەزێنێت و تێیپەڕێنێت.[16] بۆیە شــتێکی ئاســاییە کە درۆ لای ئەم گرووپە کۆمەڵایەتییە (واتا درۆکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا) بە تەنها نەبێتە کردارێکی ڕێپێدراو یان بنەمایەکی ڕەفتارییـانەی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو بشــــبێتە ڕەفتـارێکی نـاچـاریـانە و زۆرجــاریش ببێتە فەزیلەت و چــاکەیەکی گەورەیش! لە بەرانبەری ئەمەشـدا، ڕاسـتگۆیی هیچ شـوێن و پێگەیەکی بۆ ناهێڵدرێتەوە، هەروەک چۆن بێتواناییش لە کردنی درۆدا دەبێتە نەنگییەک و وەکی ســـەردەمانی دێرین بــە خەســــڵەتێکی جوامێرانە هەژمــار نـاکرێـت، بەڵکوو دەبێتە نیشانەیەک بۆ لاوازی و زەلیلی.

ئەم ڕاڤە کورت و نوقسـتانە، ئەسـتەمە بتوانێت هەقی تەواوەتی بداتە ئەم بابەتە و تەنها بۆ ئەوە دەخرێتە ڕوو تا کەنگەشـــە دروســـت بکات، یان پوختەی لێکۆڵینەوەیەکی پەتی بێـت کە پەیوەنـدی بە لێوەشـــــاوەیی تیۆریـایەکی پەتییەوە هەیە. بۆیە ڕێک بە پێچەوانەی ئەمەوە، لە واقیع و هەقیقەتدا، لەو چینە کۆمەڵایەتییە باشــــتر نییە کە هەوڵمان داوە وێنای بونیادەکەی بکێشـــین. شــــتێکی زەحمەتیش نییە بۆمان کە لەم ڕووەوە نموونەیەک بهێنینەوە و بیگشــــتێنین بەســــەر ئەو کۆمەڵگایانەشـــی کە

[16] (جەنگ حاڵەتێکی سـروشـتییە) و (دوژمنایەتیکردنی جیهانی دەرەکی) لەو شـتانەن کە لە نەست و هوشیاری خودییانەدا جێگیر کراون و تۆتالیتارەکان لە بیر و هۆشـی گەلەکانیاندا، جێیان بۆ کردوونەتەوە.

بونیادی ئاوەزییان، بە پلەبەندی و ڕیزبەندییەوە، خاسیەتە سەرەکییەکانی (یاخود لادانە بنەڕەتییەکەی کە ویستمان بیخەینە ڕوو) بەدیار دەخات.[17]

هەرچەندە ئەو ئاستانەی کە درۆ هەیەتی و بەپێی گەشەسەندنە پلەبەندییەکانی خۆی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە سێ هۆکاری کاریگەر لە پشتی درۆوە هەن، ئەوانیش:

١. ئاست و ڕادەی جیاوازی و لێکدژی نێوان کۆمەڵە پەیوەندیدارەکان: واتا جیاوازی نێوان دوژمنایەتییەکی ئاسایی بۆ بیانییەکان (جا چ بەهۆی هێزەکەیەوە بە دوژمنی بزانین یان هەر خۆی دوژمنێکی ڕاستەقینە بێت)، لەگەڵ ئەو ڕقە پیرۆزانەی کە دەبنە ئیلەهامبەخشی جەنگاوەران لە شەڕە ئایینییەکاندا[18] هەروەها جیاوازی نێوان ئەو ڕقە پیرۆزانە و ڕقلێبوونەوەی بایۆلۆژییانە کە دەبنە پاڵنەر و هاندەری جەنگاوەران لە جەنگە کۆکوژییە ڕەگەزپەرستانەکاندا.

٢. پەیوەندی نێوان هێز و کۆمەڵە جوداکان: یاخود پلە و ڕادەی ئەو مەترسییەی کە دەورەی کۆمەڵەکەی داوە و دەزانێت دراوسێ دوژمنکارەکانی دەستێوەردان لە کارەکانیدا دەکەن. هەروەکوو پێشتریش گوتمان درۆ چەکێکە، بە تایبەتی بۆ مرۆڤی لاواز و بێدەسەڵات. چونکە

[17] لێرەدا نموونەی گەنجێکی ئەسپارتەیی و گەنجێکی هیندی و عەقڵیەتی ماران یاخود عەقڵیەتی یەسوعی بەکار دەهێنین، کە چۆن پێکەوە ڕێککەوتن ببنە گەواهیدەری چۆنێتی ڕاهێنان کردن لە سەر درۆ.

[18] زیهنێتی شەڕی ئایینی لەم دەربڕینە بەناوبانگەدا زیاتر دەردەکەوێت: (هیچ باوەڕێک نیە بۆ بێباوەڕان).

ئێمە درۆ و فرتوفێڵ بەرانبەر ئەوانە بەکار ناهێنین کە دڵنیاین لەوەی دەتوانین بیانبەزێنین، بەبێ ئەوەی بکەوینە ناو هیچ مەترسییەکی گەورەوە لەگەڵیان. بەو مانایەی پەنا نابەینە بەر فرتوفێڵ تەنها بۆ خۆڕزگارکردنمان نەبێت لە مەترسیی دوژمنە بەهێزەکانمان.[19]

٣. ئاستی گرژییەکان لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵە و گرووپە دژ بە یەکەکان و ئاستی گرژی و ناکۆکی لە پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی هەریەکەیاندا: زۆر بە دەگمەن دەبینین کە لە دەرەوەی فڕوفێڵەکانی وەختی شەڕ و بێ هیچ بۆنەیەک، ئەمانە پەنا بۆ درۆ ببەن دژ بە یەکدی. بە دڵنیاییشەوە ئەگەر هیچ هۆکارێک نەبێت کە کۆمەڵەکان بخاتە مەترسییەوە (با زۆریش دوژمنی یەک بن)؛ یان لە مەیدانی شەڕدا پێک نەگەن، یاخود ئەندامەکانی کۆمەڵەیەک لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵەیەکی دیکەدا یەکدی نەبینن و پەیوەندییان نەبێت، ئەوا بەم ئاوایە درۆ بۆ یەکدی هەڵناڕێژن. درۆ لە کاتی پەیوەندیدا دروست دەبێت و دژبەرەکان درۆگۆڕکێ لەگەڵ یەکدیدا دەکەن.

[19] درۆ چەکێکە کە بەکاری ناهێنین گەر ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی نەبووبینەوە، لەمەشەوە دەتوانین ئەوە هەڵبهێنجێنین کە هیچ کۆمەڵەیەک پشت بە بنەمای درۆ نابەستێت تەنها لە دۆخێکدا نەبێت کە گیرۆدەی دوژمنایەتی و چەوساندنەوە و ستەمکاری بێت، بەو پێیەی کە لاوازتر دەبێت، خۆ ئەگەر وانەبێت ئەوا ئەوەی کە باسمان کردووە شمولی ناکات. هەتا ئەگەر ئەم دۆخە تووشی پەنابەرەکانیشمان بێت، ئەوە ڕەوەندێکی هێندە داخراو دروست دەکات، کە تا ئەوپەڕی داخراوی بچێت.

ئەم تێبینییانەی دوایی وامان لێ دەکەن کە هەنگاوێکی دی بنێین بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی بابەتی درۆ. با ئەو کۆمەڵە و گرووپە سەربەخۆیەی خۆمان لا بدەین و بیخەینە نێو کۆمەڵە دژکار و ڕکابەرەکانەوە، هەموو ئەمانەش لە کۆمەڵگەیەکدا ڕێک بخەین کە دەورە دراوە بە دوژمنی دی، تاوەکوو سەرباری ئەو دوژمنایەتییەی کە لە گەڵیاندا هەیەتی، لە پەیوەندیی بەردەوامدا بێت لەگەڵیان. ڕوونیشە کە لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا، پێویستی بۆ خاوەنداریێتیکردن لە درۆ، زۆر بە توندی جەختی لەسەر دەکرێتەوە .هەرچەندیش فشاری دەرەکی و مەترسییەکان زیاتر بن، پێگەی ئەم پێویستییە گەورەتر و زیاتر دەبێت و لەگەڵیشیدا گرژی نێوان "ئێمە" و "ئەوانی دیکە" هەڵدەکشێت و دوژمنایەتی نێوان "ئەوانی دیکە" و "ئێمە" دەگاتە ئاستێکی توندتر و ئەو هەڕەشەیەی کە "ئەوانی دیکە" دەیکەنە سەر "ئێمە" گەورەتر و فراوانتر دەبێت.

با جارێکی دی پاڵ بەم دۆخەوە بنێین بۆ ئەوپەڕی بەتینی خۆی؛ گڕی ئەو دوژمنایەتییەش بەتینتر بکەین کە لەنێوان هەردوو کۆمەڵەکەدا دروست بووە و بیگەیەنینە دواترۆپکی خۆی، ئێستێ ئیدی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی ئێمە بەدووی گۆڕانکارییەکانیدا دەچین، یان دەبێت لەم ڕکابەری و دوژمنایەتییە بکشێتەوە، یاخود پەنا بباتە بەر بەکارهێنانی شێوازەکانی درۆکردن و بێ هیچ سڵەمینەوەیەک وەک چەکێک بەکاری بهێنێت، خۆیشی لە چاوی ئەوانی دی بشارێتەوە (بۆ هەڵهاتن لە چاوی دوژمنەکانی و خۆپاراستن لە هەڕەشە و گوڕەشەکانیان) ئەمەش لەڕێی پەنابردنیەوە بۆ چەند کۆدێکی نهێنی.

لێرەشـەوە کردەی درۆکردن گۆڕانی بەسـەرا دێت و هەڵاوگێڕ دەبێتەوە، لە پەیوەســـت بە کۆمەڵەکەی ئێمەشـــەوە کە ئیدی بووە بە کۆمەڵێکی نهێنی[20]، زیاد لە خەسـڵەتێکی دەبێت کە لەوانی دی جیای دەکاتەوە. ئەم خەســـڵەتانەش دەبنە لە پێشـــینەترین مەرجی مانەوە نەک تەنیا بۆ کۆمەڵەکەمان، بەڵکوو تەنانەت بۆ ناســـنامە و ماهیەتەکەشـــی. جا بە حوکمی نهێنیبوونەکەشـــی، لە ڕادەبەدەر زێدەڕەوی لە دەرخســـتنی ئەم خەســـڵەتانەدا دەکرێت، تا دەگات بەوەی هەندێک خەســـڵەتی ناوازەی هەریەکە لەو گرووپە کۆمەڵایەتییانە زەق دەکرێتەوە. بەم جۆرەش و بۆ نموونە: هەریەک لەم کۆمەڵە و گرووپە کۆمەڵایەتییانە بەربەستێکی وەها لەنێوان خۆیـان و ئەوانی دیکە دادەنێن، کە بتوانێـت کەی بخوازن هەڵکاتەســـەری و تێیبپەڕێنێت. هەر کۆمەڵەیەکیش بە شـــێوازی خۆی مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەندامەکانیدا دەکات و جۆرێک لە هاوپەیمانێتی و پێکەوەبوون و هاوڕێیەتی لە نێوانیاندا چێ دەکات. هەروەها گرنگییەکی تایبەتیش دەدات بەو ســـنوورانەی کە لەوانی دیکەی جیا دەکاتەوە و دایدەبڕێت، لە گەڵیشـیدا پارێزگاری لەو ڕەمز و بەهایانەش دەکات کە بە شـێوەیەک لە شـێوەکان چییەتییەکەی دیاری دەکات. بەم شـێوەیەش هەر

[20] کۆمەڵناســـی بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی لەبارەی کۆمەڵە نهێنییەکانەوە پشـــتگوێ خستووە، گومانیش لەوەدا نییە کە گەر بە ڕێژەیەکی کەمیش بێت زانیاریمان لەبارەی کۆمەڵە نهێنییەکانی ئەفریقاوە هەیە و ئاگاداریانین، بەڵام بەتەواوی ناشـــارەزا و بێئاگـاین لەو کۆمەڵە نهێنییە ئەوروپیانەی کە هەبوون و هەن، ئەگەریش جاروبار کەمێـک لە بـارەی مێژووەکەیـانیشـــەوە بزانین، ئەوا هیچ لەبـارەی بونیـادی شێوازەکەیانەوە نازانین، کە گرنگییەکانیانمان بۆ دەردەخات.

کۆمەڵەیەک ئەوە دەخاتە بیری ئەندامەکانییەوە کەوا ئەندام بوون لە کۆمەڵەکەیدا شـــەرەفێکی گەورەیە.[21] بۆیە دەبینین کە مەیلداریتی و وابەستەبوون بە کۆمەڵەکەوە، سەپێندراوە بەسەر ئەندامەکانیدا. کاتێکیش لە کۆتاییدا ئەندامەکانی پێک دێن و یەک دەگرن، ئەوەندە بەهێز دەبن، تاوەکوو دەبنە ڕێکخراوێکی تایبەتی وەها، کە خودان سیمای پلەبەندی و ڕێکخستنێکی دیاریکراوی تایبەت بە خۆی بێت. هەموو ئەم خەسڵەتانەش پێکڕا هەژموونی خۆیان دەســەپێنن بەســەر کۆمەڵە نهێنییەکەدا، وێڕای ئەوەی کە لە هەندێک بارودۆخی دیاریکراودا و جاروبار دزەکردن پەســـەند دەکەن[22]، لێ لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەم هەژموونداریێتییەی خەسڵەتەکان دەبێتە بەربەستێکی سەختی کۆنکریتی وەها کە کەمترین درز لەنێو کۆمەڵەکەدا بێت و داخراو بێت، ئینتیمابوونیش لێرەدا دەبێتە ئینتمایەک کە هیچ دەربازبوونێکی بۆ نەبێت.[23] پێکەوەبوونیش لەنێو ئەو

---

[21] بێگومان لەناو هەموو کۆمەڵەکاندا (کۆمەڵێک نەفرەتلێکراو و هیچ و پووچ) هەن، کە ئەندام بوونیان لەناو کۆمەڵەکەدا بە بەختێکی خراپ یان پەڵەیەکی شـــەرمەزاری دادەنرێت، چارەنووسی ئەمانەش بەگشتی لەناوچوون و نەمانە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا هەتاوەکوو ئەمانە هەبن، کۆمەڵەکە وای دەبینێت کە تەنراوە بە ناپاک و ترســـی لە ناپاکی هەیە.

[22] شـــێوازە تەقلیدییەکەی کۆمەڵەی نهێنی، ئەوەیە کە لە خۆدروســـتکردن و خۆپێگەیاندندا ملکەچ دەبێت بۆ ڕاهێنانی پلەبەندی. هەروەها کۆمەڵەگەلێکی دیکەی نهێنی هەن کە هەندێکیان لە هەندێکی دیکەیانەوە چێ دەبن، بەڵام ئەمە زۆر دەگمەنە، ســـەرباری ئەوەیش ئەم کۆمەڵانە کرداری خۆپێگەیاندن لە یەکدییەوە وەردەگرن. ئەوەشـــی لە واقیعدا وەک میراتێک لەم کۆمەڵانەدا دەمێنێتەوە یاخود پارێزگاری لێ دەکرێت لە ڕێی بۆ یەکدی هێشتنەوەوە، خۆپێگەیاندن و خۆدروستکردنە.

[23] ئەو کۆمەڵانەن کە ڕاهێنان بە کۆمەڵە نهێنییەکان دەکەن لەکاتی پێویستدا.

کۆمەڵەیەدا دەبێتە جۆرە هۆگربوونێک و پەیوەستبوونێک کە هاوشێوەی لە هیچ شوێنێکی دیکەدا نەبێت؛ ڕەمزەکانی کۆمەڵەکەش بەهایەکی پیرۆز وەردەگرن و بە ئەمەکبوونیش بۆ کۆمەڵەکە دەبێتە ئەرکێکی سەرەکی و بگرە هەندێک جاریش دەبێتە تاکە ئەرکی ئەندامانی کۆمەڵەکە. بەڵام سەبارەت بە ڕیزبەندی نێو کۆمەڵەکە، لەبەر ئەوەی بووە بە کۆمەڵەیەکی نهێنی، بۆیە ڕیزبەندی و پلەداری بەهایەکی تەواو پیرۆزی پێ دەبەخشرێت و بۆشایی و ڕووبەری نێوان پلەکانی فراوانتر دەبێت و پلەبەندی پیرۆزکراو دەبێتە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها و گوێڕایەڵی کوێرانە دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی لە پەیوەندی نێوان ئەندامانی سەر بە کۆمەڵەکە و سەرکردەکانیدا، هەروەک چۆن دەبێتە پێوەرێکیش بۆ ئەو پەیوەندییەی نێوانیان. جگە لەوەش نیشانەکانی کۆمەڵەیەکی نهێنی، جا ئەگەر کۆمەڵەیەکی خودان پێڕەو بێت یاخود کۆمەڵەیەکی چالاک یان تایەفەیەک یان کۆمەڵەیەکی یاخیبوو بێت، هەرچەندە سنووری نێوان هەر دوو کۆمەڵەیەکیش قورسە دەستنیشانکردنی، چونکە کۆمەڵەیەکی چالاک بە بەردەوامی دەگۆڕێت و دەبێتە کۆمەڵێکی خودان پێڕەو و مەزهەب، کە کۆمەڵێکە خودان نهێنییەک یاخود خودانی نهێنیگەلێک. بەو مانایەی کە هەتا ئەگەر کۆمەڵەیەکی چالاکیش بێت، وەکوو گرووپی تاوانکار و سەرەڕۆکان، یان وەکو یاخیبووەکانی "دەهالیز"، کە هیچ بیروباوەڕێکی شاراوە و نهێنیئامێزیان نییە، ئەوا هێشتاش ناچار دەبێت ئەو شتانەی کە نایەوێت خەڵکی بیزانن، بیشارێتەوە و بیکاتە نهێنییەکی شاراوە لەبەرچاوی ئەوانەی کە سەر بە کۆمەڵەکەی ئەو نین. بگرە تەنانەن هەر بوونی کۆمەڵەکەش بۆ خۆی، بەڵگەی پەیوەستبوونێتی بە کۆمەڵێک نهێنییەوە، تەنانەت دەیکاتە خاوەنی دوو جۆر نهێنیش، کە یەکێکیان

پەیوەندی بە بوونی کۆمەڵەکەوە هەیە و ئەوی تریان تایبەتە بە ئامانجی کاری کۆمەڵەکەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش، دەتوانین ئەوە هەڵێنجێنین کە ئەرکی لەپێشینەی هەر ئەندامێکی کۆمەڵە نهێنییەکە و ئەو کارەشی کە وەک نیشانەی بە ئەمەکی و وابەستەبوونی بە کۆمەڵەکەوە دەیکات و جەخت لەسەر ئینتیمای بۆ کۆمەڵەکە دەکاتەوە، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەو هەقیقەتەی کە هەیە بیشارێتەوە و ئاشکرای نەکات.[24] شاردنەوەی ئەو شتەی کە هەیە و دەرخستنی شتێکی دیکە لە جێگەی کە ئەسڵەن بوونێکی نییە، کرۆکی شێوازی کارکردنی هەر کۆمەڵەیەکی نهێنی پێک دێنێت، کە دواتر بە زۆرەملێ ئەم شێوازە بەسەر ئەندامەکانی خۆیدا دەسەپێنێت.

شتێکی سروشتییە بۆ ئەوەی ئەوە بشارینەوە کە ئێمە کێین و ئەوە بەدیار بخەین کە گوایە ئێمە ئەمەین (واتا ئێمەیەکی ساختە بخەینە بەر دیدی ئەوانی دی)، ئەوا نابێت بە هیچ شێوەیەک ئەوە بڵێین کە بیری لێ دەکەینەوە و بڕوامان پێیەتی، بەڵکوو دەبێت بەردەوام بە پێچەوانەی ئەوەوە بدوێین کە بیری لێ دەکەینەوە. لە واقیعیشدا قسەکردن لای هەر ئەندامێکی کۆمەڵەکە هیچ نییە جگە لە ڕێگایەک بۆ پاراستنی بیروباوەڕە

[24] ئەمە بە تەواوی جیاواز و پێچەوانە دەبێتەوە، کاتێک مەسەلەکە پەیوەندی بەو کۆمەڵانەوە هەبێت کە خەریکی بانگەشەی ئایینین، یاخود سیاسەتێکی کراوەتر پەیڕەو دەکەن بە بەراورد بەوانی دی. ئەو کۆمەڵانەی کە ئەندامەکانیان ڕازی دەبن بەوەی کە لە پێناویدا شەهید بن، یاخود هەوڵی بۆ دەدەن، ئەمەش وەک بەڵگەیەک بۆ باوەڕدارییان. شەهیدبوونی هەر ئەندامێکی کۆمەڵەکەیش دەبێتە ئامرازێک بۆ بانگەشەکردن و ئیشکردنی لە پێناوی باوەڕەکەیدا.

سەرەکییەکەی و شاردنەوەی مەبەستە ڕاستەقینەکە. هەر بۆیە هەموو ئەوەی کە دەگوترێت درۆیە، هەموو قسەکردنێکیش، یان ڕوونتر بڵێین هەر قسەکردنێک کە ئاڕاستەی جەماوەر دەکرێت لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەکەوە، درۆیەکی پەتییە. تەنها ئەو شتانە نەبێت کە دەریان نابڕن، یاخود ئەو شتانەی کە بە شوێنکەوتووانی کۆمەڵەکەی دەڵێن، ڕاستن یاخود لەوانەیە ڕاست بن.[25]

هەقیقەت مەخە ڕوو، بە شاراوەیی و داپۆشراوی بیهێڵەوە، با عەوام نەیزانێت و پاتاڵ و خەڵکە ئاساییەکەی دونیا بێئاگا بن لێی، هەر بۆ خۆی هەقیقەتیش بەردەست نییە بۆ ئەو کەسانەی کە پێوەستبوونێکی بێ چەندوچوون و ڕەهایان بۆ کۆمەڵەکە نەبێت. هەر ئەندامێکی کۆمەڵە نهێنییەکەش زۆر پابەندە بەم پلان و شێوازی کارکردنەکەوە و بە تەواوی هەوڵی سەرخستنی دەدات. هەروەک چۆن باوەڕ بە قسەی هیچ ئەندامێکی دیکەی نێو کۆمەڵەکەی خۆی ناکات کاتێک بۆ خەڵکی دەدوێت، بە تایبەتیش هیچ قسەیەک بە ڕاست نازانێت کە سەرکردەکانی کۆمەڵەکە بە ئاشکرا لە بەردەمی خەڵکدا دەیڵێن، بۆیشی نییە لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ سەرکردەدا بکات، بەڵکوو دەبێت ڕوو لەوانی دیکە بکات کە مافی ئەوەی دراوەتێ چاویان لە سەر هەقیقەتەکان لا ببات و نەهێڵێت درکی

[25] هەروەها پێویستە جیاوازییەکی هۆشمەندانە لەنێوان ڕاگەیاندنی گشتی و ئەو ئاگادارکردنەوەیەدا بکەین کە تاڕادەیەک بەنهێنی دەبێت، یاخود بەتەواوی هەقیقەت دادەپۆشێت و دەیشارێتەوە و ئاڕاستەی لایەنگرە دڵسۆزەکان دەکرێت، یاخود ئەوانەی هەڵبژێردراون بۆ بوون بە لایەنگرێکی دڵسۆز.

پێ بکەن، ڕێیـــان لێ ون بکـــات و فریویـــان بـــدات.[26] بەم جۆرەش پارادۆکســـێکی دیکە بەدیار دەکەوێت و دەیبینین، کە ئەویش ئەوەیە لە ڕێی بڕوانەکردن بەوەی کە ســـەرکردەکەیان دەیڵێت بە ئاشـــکرا و لە بەردەمی خەڵکدا، ئەندامانی کۆمەڵە نهێنییەکە گوزارشـــت لە متمانە و باوەڕی تەواوەتی خۆیان دەکەن بە سەرکردەکەیان!

بێ هیچ گومانێک دەزانین کەسانێک هەن بەرهەڵستی ئەم شیکارییەمان دەکەن و ڕەتی دەکەنەوە، هەتا ئەگەر شیکارییەکەشمان ڕاست بێت، بەو بیانووەی کە گوایە لە بابەتەکە دوورکەوتووینەتەوە و ئەمە کاری کۆمەڵە جوداکـــانە نەک حکوومەت. بەداخەوە دەبێـــت بڵێین کە حکوومەتە تۆتـــالیتـــارەکـــان لە چەنـــد کۆمەڵەیەکی نهێنی زیـــاتر، هیچی تر نین، کۆمەڵەگەلێک کە دەورە دراون بە دوژمنگەلێکی بەهێز و مەترســـیدار، پاشانیش ئەم کۆمەڵانە ناچار دەبن لەبەر هەستیاریی دۆخەکە پەنا ببەنە بەر درۆ و شـــاردنەوەی ڕاســـتییەکان[27]. هەر ئەوانەی کە بەرهەڵســـتی شـــیکاری و ڕاڤەکارییەکەمـان دەکەن پێمـان دەڵێن (تـاکپـارتی) کە بە بڕبڕەی پشـتی سیستەمە تۆتالیتارەکان دادەنرێت، بە هیچ جۆرێک و لە

[26] باوەڕبوون بە هەبوونی زانیاری و سەلمێنراوی شاراوە، هەر بۆ خۆی بیانوویەکە بۆ نوقستانی و کەموکوڕی لە ڕاهێنانەکاندا، داننانیشە بە نالێوەشاوەییدا.

[27] لەگەڵ ئەوەیشـــدا ئێمە دەزانین کەوا چۆن ڕژێمە تۆتالیتارەکان ســـایکۆلۆژیای مـــافخوراوی و عەقڵییەتی گەلی هەڵبژاردەی تەنراو بە دوژمن، کە مـــافەکـــانی لێ زەوتکراوە و هەڕەشـــە لەســـەر بوونی هەیە، لە ناو ناخی ئەندامەکانیدا جێگیر دەکات. ئەمە تایبەتە بە دۆخێکی ڕاســـتەقینەوە، کە دەبێتە هۆی گەشـــەدان بە هەســـتکردنێکی ئێجگار خراپ بە نزمێتی و هیچ لەبارانەبوویی لای تۆتالیتاریستەکان.

هیچ شـــتێکدا دەســـــت تێکەڵ ناکات لەگەڵ کۆمەڵە و گروپە یاخی و نهێنییەکاندا، چونکە تاکپارتی لە داکەوتدا بە ئاشـــکرا کارەکانی ئەنجام دەدات و خۆی بە ڕووی ئەوانی دیـدا دانـاخـات. بە واتـایەکی تر هیچ بەربەستێک لەنێوان خۆی و ئەوانی دیدا دروست ناکات، بەڵکوو زۆر بە ڕوونی ئامانجە دیار و نادیارەکانیشی لەوەدا کورت دەکاتەوە کە "ئەوانی دی "هەموویــان بگرێتە خۆی و گەلەکەی خۆی (ڕەگەزەکەی خۆی) فراوانتر و گەورەتر بکــات. نەک هەر ئەوەنــدە، بەڵکوو لەوانەیە ئەو کەســانە تانە لەو نموونانەش بدەن کە وەکوو پاڵپشــتییەک بۆ هەبوونی پەیوەندی لەنێوان سیستەمە تۆتالیتارەکان و درۆدا دەیانهێنینەوە، ئەوان پێمان دەڵێن کە حکوومەتی تۆتالیتاری کار بۆ شاردنەوەی ئامانجە دوور و نزیکەکانی چالاکییەکانی خۆی ناکات، هەروەها ســڵیش لەوە ناکاتەوە کە بە ئاشـــکرا و ڕوونی باس لە ئامانجەکانی خۆی بکات، کە ئەمەش کارێکە هیچ حکوومەتێکی دیموکراتی بوێری ئەنجامدانی ناکات، نەزانی و ناشـارەزاییشـە کە کەسێکی وەکو "هیتلەر" بە درۆزن بزانین و تاوانباری بکەین بە درۆکردن، کە هەر ئەو بوو لە کتێبەکەی خۆیدا (خەباتی من) بە ئاشـکرا بە خەڵکەکەی دەگوت کە هێڵێکی ڕەشــی بەســەر سـپیدا هێناوە. ئەمەش هەمــان ئەو بەرنـامەیە بوو کە دواتر کــاری بۆ بەدیهێنــان و جێبەجێکردنی کرد! لەوانەیە هەموو ئەوەی گوترابێـت ڕاســــت بێـت، هەرچەندیش لایەنی ڕاســتێتی تێیدا ســـنووردارە، ئەمەش وا لەو تانانە دەکات کە ئێستا خستمانە ڕوو، وەک تانەی ناڕەوا و ناتەواو دەربکەون. ئەوە ڕاسـتە کە هیتلەر(بە سـەرکردەی دەوڵەتە تۆتالیتارەکانی تریشـەوە) بەرنامەی کاری خۆی بە تەواوی و بە ئاشـکرایی خســتبووە ڕوو، بەڵام ناشـــکرێت ئەوەمان بیر بچێت کە ئەو بۆیە ئەمەی کرد چوون دەیزانی

ئەوانی دی بڕوا بە قسەکانی ناکەن، هەروەها شوێنکەوتە و لایەنگرەکانی خۆیشـــی ئەم قســـانەی بە جدی وەرناگرن. بۆیە هیتلەر لە ڕێی گوتنی ڕاســـتییەکانەوە؛ لە ڕێی گەیاندنی هەقیقەتەوە بە بەرامبەرەکانی دڵنیابوو لەوەی سەر لە ڕکابەر و ناحەزەکانی دەشێوێنێت و بیرکردنەوەیان لەکار دەخات![28]

ئەمە فێڵێکی ماکیاڤێلییانەیە و بە ڕادەیەکی زۆر زادەی درۆیە، لەنێوان هەموو جۆرەکانی فڕوفێڵ و درۆکردنیشدا، ئەمە سەرلێشێوێنەرترینیانە، چونکە لەم جۆرە درۆکردنەدا هەقیقەت وەکو ئەوەی هەیە دەخرێتە ڕوو، ئەمەش تەنیا وەکوو هۆکارێک بۆ فریودانی بەرانبەر[29]، وابزانم ڕوونیشە کە ئەم "هەقیقەت"ە لە هیچ شـــتێکدا ناچێتەوە ســـەر هەقیقەت. هەروەها ئەوە ڕاستە کە دەوڵەت و حیزبە تۆتالیتارەکان بە مانای وردی وشـەکە کۆمەڵە و گرووپی نهێنی نین و بە ئاشـــکرا کارەکانیان دەکەن، ئەمەش لە ڕێی پاڵپشـتییەکی فراوانی هۆکارەکانی ڕیکلامکردن و بانگەشـەکردنەوە. لە ڕاســـتیدا ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم کردارە ئاشـــکرایانە پیلانگێڕییەکی ئاشکران.

---

[28] بە تەواوەتی ئەوە دەزانین کە ئامڕازەکانی درۆکردن بە شـــێوەیەکی باڵا، کە "دیپلۆماسیەتی پسمارکی" بە شێوەیەکی فراوان بەکاری دەهێنا لە ڕووبەڕووونەوەیدا لەگەڵ درۆی ئاســـایی و دەرئەنجامەکەشـــی ســـەرلێشـــێواندنی دوژمنەکانی بوو، خاسیەتی دیپلۆماسیەتی تۆتالیتارەکانە.

[29] لە بەرانبەر بێهیوابوونی دژبەر و بەرهەڵستکارەکاندا، شوێنکەوتووان و لایەنگر و ئەوانەشـــی کە ئینتیمایەکی زۆریان هەیە هەســـت بەوە دەکەن کە گەیشـــتوون بە هەقیقەت.

"پیلانگێڕیی ئاشکرا" شێوازێکی تازە و نامۆی کۆمەڵە چالاکەکانە، تایبەتە بە قۆناغی دیموکراتییانەی دەوڵەتەکان، یاخود شارستانێتێکی جەماوەرییانە کە بە مەترسی دەورە نەدراوە و پێویستی بە هیچ شتێکی شاراوە نییە، بەڵکوو پێویستی بە خستنەڕووە، پێویستی بەوەیە کە تیشکی بخرێتە سەر و سەرنجی هەمووانی بەلادا ڕابکێشرێت، بەتایبەتی سەرکردە، بەو پێیەی کە ناچارە بچێتە ژێر کاریگەریی جەماوەرەوە و ڕایانبکێشێت و کۆنترۆڵی ئەو کاریگەرییە بکات و ڕێکی بخات. بۆ نموونە ئەندامانی کۆمەڵەکە پێویست ناکات خۆیان بشارنەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەتوانن لایەنداریێتیی خۆیان بۆ کۆمەڵەکە (حیزبەکە) ڕابگەیەنن و ئاشکرای بکەن و وابکەن کە ئەوانی دی بزانن کە ئەمانە ئەندامی حیزبن، ئەمەش لە ڕێی سەروسیمایانەوە یان لە ڕێی هەندێک دروشمەوە یاخود بە شریتێک یان تەنانەت لە ڕێی یەکپۆشییەوە، یان هەندێک ڕەفتار کە وەکوو ئاماژەیەک بێت بۆ جۆرە مەراسیمێکی تایبەتی حیزبییانە لە شوێنە گشتییەکاندا. دواتر ئەمانەی کە باسمان لێوە کردن و نوێنەرایەتیی ئەم پیلانگێڕییە ئاشکرایە دەکەن، هەست دەکەن کە وا پێویست دەکات ئەوان لە کۆمەڵەیەکی نهێنییەوە ببنە ڕێکخراوێکی جەماوەری، کە لێرەشەوە بە ئەندازەی خۆشاردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵەیەکی نهێنی، ئەمانە هەقیقەتی خۆیان دەشارنەوە لەوانی دی. پشت بەستنیشیان بە نیشانە دیارەکانی لایەنداریێتی بۆ حیزب، تەنیا بۆ ئەوەیە کە دژیەکی لە نێوانیاندا نەهێڵێت و لەوانەی تریان جیا بکاتەوە کە سەر بە حیزب نین. بۆیە پابەندبوون و دڵسۆزی بۆ حیزب وەک نەریتێکی جەوهەری و بنەڕەتییانەی ئەندامانی حیزب دەمێنێتەوە. لێرەشەوە

ڕیزبەندی و پلەبەندیی نێو حیزب بەدیار دەکەوێت و هەمان پەیکەری ڕێکخراوێکی سەربازی دەبێت، هەروەها ئەو بنەما باوەی کە هەیە: هیچ باوەڕێک بۆ بێباوەڕەکان نییە (non servatur fides infidebus) زۆر بەڕوونی لە هەڵسوکەوتی ئەندامانی حیزبدا ڕەنگ دەداتەوە و دەردەکەوێت. لەبەر ئەوەی پیلانگێڕیی ئاشکرا ئەگەریش بە مانای کۆمەڵەیەکی نهێنی نەیەت، ئەوا مانای هەبوونی کۆمەڵەیەکە کە خودان چەندین نهێنیی تایبەت بە خۆیەتی.

ئەم خەسڵەتانەش کە ئاماژەمان پێدان، سەرکەوتنی پیلانگێڕییەکە لەناو نابەن و لاوازی ناکەن، بەڵکوو ڕۆڵی کورت دەکەنەوە بۆ لاوازکردنی یەکتری و یارمەتیدانی چینێک، بە شێوەیەکی تایبەتیش بوونی ئەم خەسڵەتانە هەستکردن بە سەرکەوتنی چینێکی تازەی حکومڕان بەهێزتر دەکات و ئینتیما و دڵسۆزیشی بۆ دەستەبژێر و ئەرستۆکراتییەکی تەواو دابڕاو لە جەماوەر بەهێزتر دەکات.[30]

ئەو سیستەمە تۆتالیتارییانەی کە ئێستاش هەن، هەر دەگەڕێنەوە بۆ جۆرە پیلانگێڕییەکی ئاوها، کە هەڵقوڵاوی ڕق و ترس و ئیرەیییە و خۆراک بۆ مانەوەی خۆی لە ویستەکانییەوە وەردەگرێت؛ ویست بۆ تۆڵەسەندنەوە و هەژموونداری و دەست بەسەرداگرتن. هەرچەندە ئەم

---

[30] دەتوانین پێیشی بڵێین " ئەرستوکراتیەتی درۆ" ئەگەر دەربڕینەکان دژیەک نەبنەوە. لە داکەوتیشدا بوونی "دەستەبژێرێکی درۆزن" بۆ ئەو دەستەبژێرە درۆزنەی کە فەرمانڕەوان پێویستە، ئەمانەش دەستەبژێرێکی دیماگۆجین نەک دەستەبژێرێکی ئەرستۆکراتی.

پیلانگێڕییانەش سەرکەوتوو بوون یان وردتر بڵێین سەرکەوتنێکی ڕێژەییان بەدەست هێناوە (کە ئەمەیان بابەتێکی زۆر گرنگە)، یاخود دۆخی وڵاتەکانیان هۆکار و پاڵپشتیان بوون بۆ گەیشتنیان بە دەسەڵات و دەستگرتنیان بە سەر دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا، بەڵام هێشتاش نەیانتوانیوە بە تەواوی ئامانجەکانی خۆیان بەدەست بهێنن، ئەو ئامانجانەی کە خۆیان بۆ خۆیان دایانناوە وهێڵەکەیان کێشاوە.[31] لەم سۆنگەیەشەوە دەتوانین بڵێین کەوابێ سیستەمی تۆتالیتاری هەر بەردەوام دەبێت لە پیلانگێڕییەکانی، تا دەگات بە تەواوی ئامانجەکانی خۆی.

دکارین بپرسین: ئایا ئەگەر باس لە چەمکی پیلانگێڕیی ئاشکرا بکەین تووشی هیچ پارادۆکس و دژیەکیەک نابین؟ لە کاتێکدا واژەی پیلانگێڕی بۆ خۆی مانای کردنی شتێک بە ناڕوونی و نهێنیبوون بگەیەنێت، چۆن دەتوانرێت بە ئاشکرا جێبەجێ بکرێت؟ گومان لەوەدا نییە کە گشت پیلانگێڕییەک لەخۆگری چەندین نهێنییە، بەتایبەتی ئەو نهێنییانەی کە بە شێوەیەکی ورد و ڕوون پەیوەندییان بە ئامانجی کارەکانییەوە هەیە و پێویستە ئاشکرا نەکرێن و بشاردرێنەوە تاوەکوو بتوانێت بیانهێنێتە دی، ئەو ئامانجانەی کە هیچ کەس جگە لە ئەندام و شوێنکەوتووانی کۆمەڵەکە نایزانێت و ئاگاداریان نییە.

---

[31] بەلای ئەو کەسانەوە کە خوێندەوارییان هەیە و دەتوانن بخوێننەوە، ئامانجی سەپاندنی هەژموون بەسەر جیهاندا، لە کتێبی (خەباتی من)، زۆر بەڕوونی داڕێژراوە.

بەدەر لەمەیش "پیلانگێڕیی ئاشــــکرا" لەو بنەمایە بەدەر نییە کە ئێســــتا ئاماژەمان پێ دا: (ئەگەر کۆمەڵەیەکی نهێنیش نەبێت، ئەوا کۆمەڵەیەکی خودان نهێنییە.) لەگەڵ ئەوەشدا، چۆن دەکرێت کۆمەڵەیەکی لەم چەشنە، یان کۆمەڵەیەک کە چالاکییەکانی لە فەزای گشــتیدا ئەنجام بدات و ببێتە ڕێکخراوێکی جەماوەری و بانگەشـــەکانی خۆی بە ئاشـــکرا بگەیەنێتە هەمووان، نهێنییەکانی خۆی بە شــــاراوەیی بهێڵێتەوە و پارێزگارییان لێ بکات؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گونجاو و ڕەوایە، هەرچەندە دەستخستنی وەڵامەکەیشی قورس نییە وەک لە بەرکەوتنی یەکەم جارماندا وا هەستی پێ دەکەین، بەڵکوو لەوپەڕی ئاســــانیدایە، ئەمەش لەبەر ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە یەک ڕێگا هەیە بۆ پاراســــتنی نهێنی، ئەویش کپکردن و شــــاردنەوە یاخود ئاشـــکرانەکردنێتی، تەنیا بۆ ئەو کەســــانە نەبێت کە متمانەیان پێ دەکەین، کە بێگومان ئەوانیش دەســــتەبژێرێکی کەمن و دڵسۆز و لایەنگری کۆمەڵەکەی ئێمەن.

بە هەرحاڵ لە پیلانگێڕیی ئاشکرادا، سەرۆک و ئەندامانی سەرکردایەتی حیزب هەڵدەســــتن بە پێکهێنانی گرووپێکی دەســــتەبژێر، کە ئێشـــیان جێبەجێکردنی ئامانجەکانی حیزبە، لەبەرئەوەی حیزبیش چالاکییەکانی بە ئاشـــکرا ئەنجام دەدات و هەروەها ســـەرکردەکانیشـــی بە ئاشـــکرا کار دەکەن و ناچاریشـــن بیروباوەڕی خۆیان لە نێو خەڵکیدا بڵاو بکەنەوە و پەرەی پێ بدەن، بەیاننامە و وتارەکانیشـــیان دەبێ ڕووەو جەماوەر پەخش بکەن، بەم پێودانگەش بێت پاراســــتنی نهێنییەکانی حیزب واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت بە بەردەوامی ئەم ڕێســـاو بنەما ســـەرەکییە جێبەجێ بکەن: (درۆ و نامەی کۆددار) واتا هەموو بەیاننامەیەک کە ئاڕاستەی هەمووان دەکرێت، هەروەها بەیاننامەی پەیمانداریتیش، گەرێ

مینا بەڵێنێکی سیاسی و تیۆری بێت[32]، یان وەکوو بیروباوەڕێکی فەرمی لێ بێت، کە بەپێی دەقی پەیماننامەکە خۆی، هەمووان دەبێت پاپەندبن پێوەی.

بەمەش بنەما و ڕێسای: (ئەو کەسە ئەمەکدار نییە کە بیروباوەڕە ڕاستەقینەکەی خۆی ناشارێتەوە) وەک گرنگترین ڕێسا و بنەما بۆ ئەندامانی حیزب دەمێنێتەوە. ئەو کەسانەشی کە دڵسۆزی حیزبن و پاپەندن بە بیروباوەڕەکانی حیزبەوە، بە تەواوی درک بەم ڕێسایە دەکەن، ئەوان ئاگاداری نهێنی و شتە شاردراوەکانن و هەرچییەک لەبەردەمیاندا داخرابێت دەیکەنەوە و ئەو داپۆشەرە لا دەبەن کە هەقیقەتیان لێ دەشارێتەوە.

بەڵام "ئەوانی دی" کە ڕکابەرەکان و جەماوەر و ئەندامە ئاساییەکانی حیزب دەگرێتەوە، بەیاننامە گشتییەکان وەکوو ڕاستی دەبینن و پەسەندی دەکەن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە ئەوان شایستەی زانینی هەقیقەتی نهێنییەکان و بوون بە بەشێک لە دەستەبژێر نین، لایەنگران و ئەندامانی دەستەبژێریش ئەوە دەزانن (لەڕێی مەعریفەی هەستەکییانەی ڕاستەوخۆوە[33]) کە ڕابەرەکەیان خاوەنی چ بیرکردنەوەیەکی قووڵ و وردە، دەشزانن کە جووڵانەوەکەیان ئامانجگەلی شاراوە و ڕاستەقینەی هەیە، بۆیە کاتێک بەیاننامەی ڕابەرەکەیان دەبینن کە پڕە لە دژیەکی و

[32] هێشتاش تیۆریای بابەتی بانگەشەکردن، لای کەسانێکە کە ئینتیمایان بۆ کۆمەڵەکان نییە و باوەڕیان بە تیۆریاکە هەیە

[33] جۆرێک لە بەرکەوتن لەنێوان لایەنگران و سەرکردەدا دروست دەبێت، لە ڕێی پەیوەندییە شاراوەکانەوە.

شـــــتی ناڕاســـــت و بێبنەما، ئاســـــایی دەبێت بەلایانەوە و ناڕەزایەتی دەرنـابڕن. چونکە ئەوان دەزانن ئـامـانجی قســـــەکانی ڕابەر ڕازیکردنی جەمـاوەر و تێکشـــــکـانـدنی دوژمنـان و ئەوانی ترە! هەروەهـا ئەوان ســـەرســـامیشـــن بە ســـەرکردەیەک کە درۆ بەکار بهێنێت و شـــارەزای هونەری درۆکردن بێت. ئەمما ســـــەبارەت بەو شـــــتانەی کە پەیوەندیی بەوانی دیکەوە هەیە، واتـا ئەو کەســـــانەی کە بـاوەڕیـان وایە ئەوەی ســـــەرکردە دەیڵێـت تێگەیشـــــتنێکە بەپێی واقیعەکە خۆی و درک بە لێکدژییەکانی نـاکەن و گومـانی لێ نـاکەن، لەڕاســـــتیدا ئەمـانە توانـای بیرکردنەوەیان زۆر لاواز و سســتە یاخود هەر نیانە و لەدەسـتیان داوە.

لەسەر ئەم بنەمایەش ئەو ئاڕاستە هزرییەی پێشتر باسمان لێوە کرد (کە ئاڕاســـــتەی هەموو ســـــیســـــتەمە داپلۆســـــێنەرەکانە، بەتایبەتتر وەکوو زانراویشـــــە، بە پلەی یەک ئـاڕاســـــتە و ڕوانینی ســـــیســـــتەمێکی تـۆتـالـیـتـاری/هـیـتـلەریـیە[34]) چەمـکـێـکـی تـایـبەتـی بـۆ مـرۆڤ و ئەنســـرۆپۆلۆژیایەکی تایبەت دادەڕێژێت. وەنەبێ ئەنســـرۆپۆلۆژیای تۆتالیتاری هەســـتێت بە گۆڕینی ئەو بەهایانەی کە ئەنســـرۆپۆلۆژیای دیموکراســـــی یـان لیبراڵی هەیەتی و ڕکـابەری بکـات، کە بەهـاگەلێکن پەیوەسـتن بە هزر و هۆش و زیرەکییەوە، بەڵکوو لە بریی ئەوە هێزێکی نـاڕوونی تەژی لە چێژ و خوێنڕێژی لە ســـــەری بوونەوەری مرۆییـدا

[34] هەرچەندە فاشـیزمی ئیتاڵی لەو کاتانەدا، هیچ نەبوو لە هاوشـێوەیەکی سـاختەی تۆتالیتاریزمی هیتلەر زیاتر (ئەمە ئەگەر وێنایەکی کاریکاتێریانەی ئەو تۆتالیتاریەتە نەبێت.(

دادەنێت. بێگومان ئەنسـرۆپۆلۆژیای تۆتالیتاری جەخت دەکاتەوە لەسـەر گرنگی کردار و ڕۆڵ و لە پێشینەیەتییەکەی.

هەرچەندە ئەم ئەنسـرۆپۆلۆژیایە ڕقی لە عەقڵ نییە[35]، بەڵکوو ڕقی لە شـێوازە بەرزەکانی عەقڵە، ڕوونتر بڵێین بە تەواوی ئەم شـێوازانە ڕەت دەکاتەوە، بەتایبەتی زیرەکی درکپێکەر و هزری تیۆریایی یان ئەوەی کە گریگەکان پێیان دەگوت: نۆس .nous بەڵام سـەبارەت بە عەقڵی لۆژیکی و هۆشـمەند و ژمێرەیی، ئەوا بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکان نەک لە بەهاکەی کەم ناکاتەوە[36]، بگرە بەوپەڕی توانایەوە بەرز ڕایدەگرێت و گرنگی پێ دەدات، بە ڕادەیەک کە بە ڕەوای نـازانێـت ئەم عەقڵە لای کەسانی ئاسایی هەبێت. لە ئەنسرۆپۆلۆژیای تۆتالیتاریدا مرۆڤ بە عەقڵ یـان بە بیرکردنەوە نـانـاسـرێتەوە، چونکە بە بڕوای ئەو زۆرینە لە بەخششی عەقڵ بێ بەشن. کەواتە بەپێی ئەم ئەنسرۆپۆلۆژیایە بێت ئایا هێشتا بۆمان هەیە باس لە مرۆڤ بکەین؟ نەخێر، چونکە ئەنسرۆپۆلۆژیای تۆتالیتاری دان بە بوونی یەک جەوهەری هاوبەشـی مرۆییدا نانێت[37]. لە

---

[35] ئەمە مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی گەمژە و ساویلکە، بەتایبەتیش مرۆڤی تۆتالیتار، بڕوانە: (ئەڤۆرد، سـتەمکاری و بەگەمژەکردنی مرۆڤ، فەرەنسـای ئازاد، ژمارە 16، ١٩٤٢)

[36] ئایا لە توانایدایە ئەمە بکات؟ لە ڕاسـتیدا شـموولییەت کە هەم بە بانگەشـەکانی و هەمیش بە بوهتان و درۆکانی دەیەوێت لە بەها و شـکۆی عەقڵ و ڕێکخسـتنە عەقڵانییەکان کەم بکاتەوە، لە پێناوی دونیابینی ئەندامەکانی خۆی و پەیوەندی نێوان ئەندامەکانیدا؛ بەڵام ئەمە لە واقیعدا ڕەنگ ناداتەوە و بەرجەستە نابێت.

[37] هەرچی پەیوەندیدارە بە ئەنسـرۆپۆلۆژیای شـموولییەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەندامانی (دەسـتەبژێر) و (تەواوی خەڵک)یدا، هەروەها لە نێوان (مرۆڤی

ڕوانگەی ئەم ئەنســـرۆپۆلۆژیایەوە جیاوازی نێوان مرۆڤێک و ئەوی دی لە پلەبەندی و چینایەتیدا نییە، بەڵکوو جیاوازییە لە ســـروشـــتیاندا، ئەو پێناســـە یۆنانییە کۆنەش کە مرۆڤ وەک گیانەوەرێکی بوێژ و قســـەکەر دەناســـێنێت، پێناســـەیەکی ناڕوونە، چونکە هیچ پەیوەندییەکی پێویســـت لەنێوان گۆکردن و عەقڵ و دەربڕین و قســـەکردندا نییە، هەروەک چۆن هیچ پێوەرێک نییە بۆ دیاریکردنی جیاوازی لەنێوان مرۆڤی ئاژەڵی و مرۆڤی قســـەکەردا، چونکە گیانەوەری قســـەکەر پێش هەموو شـــتێک گیانەوەرێکی ساویلکەیە، گیانەوەری ساویلکەش ئەو گیانەوەرەیە کە بیر ناکاتەوە.[38] ئەم ئەنســـرۆپۆلۆژیایە لەو باوەڕەشـــدایە کە فیکر بە مانا قووڵەکەی عەقڵ و هۆشمەندی، هەروەها بەو مانایەش کە جیاکاری بکات لەنێوان ڕاســت و هەڵە، بڕیار و حوکمدان، شــتێکی زۆر دەگمەنە و زۆر بە کەمی لەم جیهانەدا بوونی هەیە و بە تەنیاش ئیشــی دەســتەبژێرێکە، نەک ئیشـــی جەمـــاوەر! چونکە جەمـــاوەر ملکەچی چێژەکـــانێتی و ئارەزووەکانی و هەست و سۆزەکانی بەسەریدا زاڵبوون و هەستکردن بە ڕق و کینە دەیجووڵێنێت، نازانێت چۆن بیر بکاتەوە و نازانێت چی

عاریف و هۆشمەند homos sapiens و مرۆڤی بڕوادار homo credulous دا، هەر خودی ئەم جیاوازییەش لە ئەنسرۆپۆلۆژیای عیرفانیدا هەیە لەنێوان ئیلییەکان و ڕۆحانییەکان، یاخود لە ئەنسرۆپۆلۆژیای ئەرستۆییدا کە جیاوازییە لە نێوان ئازاد و کۆیلەدا.

[38] گیـانەوەری بیرکەرەوە داوای بیرکردنەوە دەکـات intellection، گیـانەوەری گەمژە و ساویلکەیش داوای بیروباوەڕ دەکات.credere

دەوێت، هیچ مەعریفە و زانینێکی نییە جگە لە گوێڕایەڵی و بیروباوەڕ.[39] هەروەهـا بـاوەڕ بە هەموو ئەو شـــتـانە دەکـات کە پێی دەگوترێت بە مەرجێـک بە زۆری پێی بگوترێتەوە و زۆر دووبـارەی بکەنەوە بۆی، هەروەها بەو مەرجەش کە قســـەکە ســـەبارەت بە ئارەزووەکانی بێت، یاخود سەبارەت بەو شتانە بێت کە ڕقی لێیانە و لێیان دەترسێت. کەوایە ئیدی پێویســـت ناکات لە دەرخســـتنی ئەو شـــتەی کە دەمانەوێت وەک هەقیقەت لای جەماوەر بناســـرێت، زێدەڕەوی بکەین، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانەی ئەمەوە چەندێک زیاتر درۆ بکەین و درۆکانمان بڕازێنینەوە، باشتر بڕوامان پێدەکەن و شوێنمان دەکەون. هەروەها پێویستیش بەوە ناکات خۆمان لە دژیەکی نێوان قســـەکانمان بپارێزین، چونکە جەماوەر هەرگیز دیقەتی ئەو لێکدژییە نـادات. ئەوەش هیچ ســـوودێکی نییە کە بگەڕێین بۆ تەبایی و لێکگونجان لەنێوان ئەو قســـانەی بۆ هەندێکیان دەیکەین و ئەوانەشی کە بەوانی تریانی دەڵێین، چونکە کەس باوەڕ بەوە ناکا کەوا بەوانی تر دەگوترێت، بەڵکوو باوەڕ بەوە دەکات کە بە خۆی دەگوترێت[40]. گەڕانیش بە دووی هەبوونی تەبـایی و هـاوتـایی لەنێوان

---

[39] بیروباوەڕ یاخود گوێڕایەڵی و ملکەچیی و شـــەڕکردن لەئەســـتۆی میلەتدایە، بیرکردنەوەش تایبەتە بە سەرۆک و لە ئەستوی ویدایە.

[40] ئامڕاز و شـــێوازە جوداکانی درۆ، لەســـەر ئەم بنەمایە ڕێدەکەن: (من باڵندەم، ســـەیری باڵەکانم بکە... من مشـــکم؛ با هەر بژێن مشـــکان). کە ئەمەش ڕێدانە بە باوەڕبەخۆبوونێکی ســـاختە تاکو بەهایەکی بەرز بە خۆیان بدەن، ئەم بەها بەرزەش دەبێتە پاداشـــتێکی دەروونییانە بۆ خۆپێگەیاندنێکی هەڵە، کە کەســـی فریودراوی پێ ڕازی دەبێت، بەڵام ڕازیبوونێکی ســـاختە و درۆینە، بەو پێیەی کە نوێنەرایەتی ڕیزپەڕیی دەکات، وای لێ دەکات کە بگاتە ئەو باوەڕەی کە ئەو لە پەنایەکی نهێنیدا

قسـەکاندا، دیسـانەوە بێسـوودە، چونکە جەماوەر یادەوەری نییە، تاکوو قسە کۆن و نوێیەکان پێکەوە گرێ بدات و بیری بکەوێتەوە[41]. پێویستیش ناکات هەقیقەتیان لێ بشارینەوە، چونکە ئەوان ناتوانن هەرگیز درکی پێ بکەن و ببینن. هەروەهـا پێویسـتیش بەوە نـاکـات کە هیچیـان لێ بشـارینەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان هەر نازانن شـتێکیان لێ شـاردراوەتەوە، یاخود ئەمە تەنیا تایبەتە بە شێوازی مامەڵەکردنی ئێمەوە لەگەڵیان.[42]

هەر ئەم ئەنسـرۆپۆلۆژیایەش بناغەی ئەو پروپاگەندانەیە کە ئەندامانی پیلانگێڕییەکە بە ئاشـکرا لەنێو خەڵکیدا بڵاوی دەکەنەوە و پەخشـی دەکەن. ئەو سـەرکەوتنەشی کە بەدەستی دەهێنێت بیانوو دەداتە دەستی تۆتالیتارەکان کە بەو جۆرە بێسـنوورە سـووکایەتی بکەن (کە لێرەدا مەبەسـتمان لەو سـووکایەتییانەیە کە ئەندامانی دەسـتەبژێری حیزب دەیکەن)، ئەوان دەزانن چۆن سـووکـایەتی بە جەمـاوەر و دوژمن و شوێنکەوتەکانیشیان بکەن و دەشزانن چ گونجاوە بۆ جەماوەر و دوژمن

چالاکە، وای لێدەکات کە هەست بە بەرزبوونەوە و لەخۆڕازیبوون بکات کە دەبینێت ئەوانی دی دوای درۆکانی کەوتوون.

[41] ڕۆژەک "مۆسـۆلینی" گوتی: (ئیتاڵییەکان باکوورییەکانن) ، دوای ئەوەی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە ئاشکرا گاڵتەی بەڕەگەزپەرستی هیتلەر دەکرد.

[42] هەروەهـا هیتلەر ڕێی بە خۆیـدا، کە تیۆریـاکەی لەبـارەی درۆوە، لە کتێبەکەی خۆیدا: (خەباتی من) بخـاتە ڕوو، هەرچەندە ژمـارەیەکی زۆر کەمی خەڵک درکیـان بەوە کردبوو کە ئەو بەڕاستی مەبەستی چییە.

و شوێنکەوتەکانیان و چ بۆ ڕەشەخەڵک شیاوترە.[43] یاخود چ دەگونجێت بۆ هەموو ئەوانەی کە باوەڕی پێدەکەن و شوێنی دەکەون، ئەوانەشی کە باوەڕی پێ دەکەن بەڵام شوێنی ناکەون. ئێمە لێرەدا بەرهەڵستی ڕووکاری ئەم هەڵوێستە ناکەین، کە وا دەردەکەوێت کە زۆر لەخۆبردوو بێت لە بیانووەکانیدا.

سەربارى ئەمەش، نوێنەرانی سیستەمە تۆتالیتارەکان و سەرکردەکانیشیان، بایی ئەوە لێزان و لێهاتوون کە بزانن شوێنکەوتەکانیان چ بەهایەکی هزری و مەعنەوییان هەیە و ساویلکەییيان هەڵبسەنگێنن. بەوەندەوە دەوەستین کە تێبینییەکی سادەی وەها لەسەر ئەم بابەتە بدەین: ئەگەرچی سەرکەوتنی پیلانگێڕیی تۆتالیتارەکان بە بەڵگەیەک بزانرێت بۆ دروستی و ڕاستێتی تیۆریا ئەنسرۆپۆلۆژییەکەیان؛ هەروەها بە بەڵگەیەکیش دابنرێت بۆ سەرکەوتنی تەواوەتی هۆکارەکانی وانەگوتنەوە و پەروەردە و فێرکردن لە سایەی دەسەڵاتە تۆتالیتارەکاندا، کە پشت بەو تیۆریایە دەبەستن، ئەوا هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ئەم بەڵگانە تەنیا بەڵگەگەلێکی تایبەتن بە وڵاتەکانی خۆیان و ئەو گەلانەشی کە بەڕێوەیان دەبەن، ئەگینا لە وڵاتەکانی تردا و لای گەلانی دیکە،

---

[43] چەمکی جەماوەر بەم شێوازە وەردەگیرێت، واتا ئەو لە ڕوویەکەوە واتایەکی جۆرێتی پیشەییانەی پێ دەدات: لە ڕێبازی فەهرەری دیکتاتۆر و لە ڕێنمایی و بەڵێنەکانیشیدا؛ یان لە بیروباوەڕی هەموو سەرکردە تۆتالیتارەکاندا؛ وەها سەیری جەماوەر دەکرێت کە خەڵکانێکن کورت دەهێنن لە بیرکردنەوەدا، بۆیە پەنا دەبەنە بەر بیروباوەڕ بۆ بەڵگەهێنانەوە! بەم مانایەش چەمکی "جەماوەر" لێرەدا ئاماژە نییە بۆ چینێکی بەرفراوانی کۆمەڵگە، بەڵکوو ئاماژەیە بۆ چینێکی هزری، زۆربەی جاریش ئەو ئەندامانەی سەرپەرشتی جەماوەر دەکەن لە دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگەن.

بەتایبەتی لەو وڵاتە دیموکراسییانەی کە هەمیشە بە خۆڕاگری و توانای خۆیان، دژی بانگەشە تۆتالیتارییەکان وەستاونەتەوە و یاخیبوون لێیان. وێڕای ئەو پشتگیریکردنە بەردەوامەی کە پروپاگەندە بۆ دەرخستنی پیلانگێڕی و یاخیبوونە ناوخۆییەکان هەیەتی، بەڵام دواجار ئەم پروپاگەندانە نەیانتوانیوە لە بەشێکی کەمی کۆمەڵگە زیاتر کە دەشێت ناویان بنێین "دەستەبژێرێکی کۆمەڵگە" کەسی دی فریو بدەن. لە سەر بنەمای ئەم جیاوازییانەش، بۆ زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتە دیموکراسییانەش دەردەکەوێت کە ئەوان سەر بە ڕەگەزێکی مرۆییی باڵاتر و گەشترن و پڕن لە بیریار، کە سیستەمی تۆتالیتاری (بە پێی بنەماکانی ئەنسرۆپۆلۆژیا تۆتالیتارییەکەی خۆی) بانگەشەی ئەوە دەکات گوایە داڕماو و وێرانەن! هەروەها بۆیان دەردەکەوێت کە ئەرستۆکراتیەتی ساختەی تۆتالیتارییەتیش، بە پێچەوانەی بانگەشە تۆتالیتارەکانەوە، نوێنەرایەتی مرۆڤە شکستخواردووەکان و ئەوانە دەکات کە ساویلکەن و بیر ناکەنەوە.

ئەم وتارە، لەم ژێدەرەوە کراوەتە کوردی:

الكسندر كوارييه، تآملات في الكذب، ترجمة: تاجة بوحجة، مجلة حكمة، ١٢، ٢٠١٩.